زیــاتر بــووەو ، چــەندین بەڕێوەبــەرێتی ســەفەرکردنیش لــە هەرێمەکەمانــدا کراونەتــەوە کــە پێویستیان بە بەڕێوەبەرێتیەکی گشتی هەیە سەرپەرشتی ئیشەکانیان بکـات و کاروباریـان رێك بخـات و ، لەبــەر رووڵــەزیادبوونی ئــەو پێوەندییــە نێودەوڵەتییانــەش کــە لــە گــەڵ هــەرێمی کوردستانی عێراقدا بەرفراوان بووەو ، لە گەڵێ دەوڵەتانیشدا نوێنەرایـەتیی هـەرێم کراونەتـەوە ، لەبەر ئەوانە هەمووی ، وامان بەباش زانی ، بۆ رێکخستنی کاروباری سەرشانخراوی ئەو دایەرانـە کە پێویستە بە بەڕێوەبەرییەکی گشتییەوە ببەسترێ ، ئەم یاسایەمان تەشریع کرد .

## بە ناوی خوای گەورەو میهرەبان

**بە ناوی گەلەوە**

**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**

**ژمارەی بڕیـــار: ١٣**

**مێژووی بڕیـــار: ٢٠٠٠/٩/٢٤**

**(( بــڕیـــــار ))**

پشت بە حوکمی بڕگە (٢) لە ماددەی (٤٣)ی یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی ١٩٩٢و ، مادده (٣٥)یش لە پێڕەوی ژمـارە (١)ی هـەموارکراوی سـاڵی ١٩٩٢ی ئەنجومـەن ، ئەنجومـەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق ، لە دانیشتنی ژمارە (٣)ی رۆژی ٢٠٠٠/٩/٢٤یدا ئەم بڕیـارەیدا :

**یەکـــەم:** قبـوڵ کردنـی دەسـت لەکارهـەڵگرتنی ( عـدنان محمـد حـسام الـدین نەقـشبەندی ) لـە ئەنـدامێتیی ئەنجومــەنی نیـشتمانیی کوردســتانی عێـراق ، چـونکە خـۆی بـۆ پۆسـتی ئـەرکی وەزیــری ئەوقاف و کاروباری ئیسلامی تەرخان کردووە .

**دووەم:** دەست لەکارهەڵگرتنەکەی لە رۆژی ٢٠٠٠/٩/٢٤ەوە ، دەخرێتە کار .

**سێیەم:** ئەم بڕیارە لە رۆژنامەی رەسمیدا بڵاودەکرێتەوە .

**د. رۆژ نـــوری شاوەیس**

**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**